www.dengekan.com
Digitally signed by www.dengekan.com
DN: CN = www.dengekan.com, C = US, O = dengekan, OU = dengekan
Date: 2006.06.09 00:47:15 -04'00'

کەژاڵ ئەحمەد

# قاوەیەك لەگەڵ ئەو دا

چاپی یەکەم
2001

## بۆنی شەراب

بۆنی گولاْو لەنووکی پەنجەکانم دێت
بۆنی گولاْو
تۆزیْ لۆکە هەڵئەگرم‌و
بەئەسیتۆن ئەو بۆیە سوورە لائەبەم
کە هیچ رۆژیْ لەپەنجەکانمم نەداوە
نازانم ...
ئەم ڕەنگە لەکوێوە هاتووە
کەسەر بەخێزانی زەوقی من نییە؟!
ئەم ڕەنگەم لەڕێکەوتەکانی عەشقدا ناسیووە
چی ئەکات، لەسەر پەنجەرەکانی پەنجەم؟!
بۆنی شەراب لەدڵم دێت
بۆنی شەراب
پیْ ئەچێت زۆرت بیربکەم
بۆیە شەماڵ لەلای تۆوە هەڵیکردو
چەند پارچەیەک لەمۆسیقای
" کراسەکەی یوسف " ی پێبوو
لەسەر نەوارێکی غەمبار
کە عەشقی ئەگریاند
گەیشتە لام
شیعر لەبەر دەرگای دڵم ڕاوەستا
پێم وت نەیەیت
باسوراووەکەم بکەم‌و شانەیەکیش
بەقژمدا بهێنم
هیچ عاشقیْ بەوێنەی شیعر ئارەزووی
لەهونەری ماکیاژ نییە
هیچ کەسێکیش بەوێنەی ئەو
لەسووراوو هەمووشتە سەیرەکانی
تری ناو جانتاکەی دەستم وەڕسنییە!
من تیاماوم، چەند پێم سەیرە بەبیْ مەبەست
بەقسەی هەردووکیان ئەکەم
بەقسەی هیچیشیان ناکەم!
بۆنی یاخیبوون لەنووکی پەنجەکانی قاچم دێت
بۆنی تیژی یاخیبوون

ئینجا زانیت بۆچی هەر جارێ بێم بۆلات
ئەچم قاچەکانم ئەشۆم؟!
تۆ ئەزانی بەوقاچانە
شەقێکی زۆر بێباکانەم لەتۆپی ژیاندا
کەچی گۆڵم کرد ؟!
تۆ ئەزانی هەربەهەمان ئەو قاچانە
دنیای ئەو عەشقەم دۆزییەوە
کەمرۆڤ بەدوایدا گەڕاو پێینەگەشت
من بەنووکی پەنجەکانی ئەو قاچانەی یاخیبوون
قسەی قۆڕی ڕەخنەگران لەسەر ڕێگاکەم لائەبەم
ئەیانخەمە سەر خۆڵڕێژی زەمانە
پاش ئەوەی ماڵۆچکەی رۆژو ساڵەکانمم گسکدا
خۆڵڕێژەکەیش بەزبڵدانە گەورەکەی
حەوشەکەمان ئەسپێرم.
من ڕەخنەگران بەو پیاوە
پۆشتەو پەرداخە تێرانە ئەشوبهێنم
کە لەبەر بێ کاریو بێزارییاندا
ئەچن بۆ ڕاو!
ئەو ڕاوچییانەی جیاوازیی لەنێوان
مەلو ماردا نازانن
ئەو پیاوانەی کە بەگوللە
وەڵامی جوانیی ئاسکێ ئەدەنەوەو
سەرکەوتنیش لە "پێکان"دا ئەبینن.
بۆنی سووتان لەخوێنم دێت، بۆنی سووتان
وەکو خوێنی هەر عاشقێ
لە زەمهەریری کۆنبوونو
بەسالاچوونی دنیادا
شیعر باشترین شایەدە
چونکە ئەزموونی عەشقێکی
چواردە ساڵەی لەگەڵما بەرێکردووە
ئەو ئەزانێ ، لەباخچەکانی زماندا
چەند خەیاڵی قژ زێڕینم بزربوون
چەند دێڕی شێوەنازدارم وشکبوون
چەند پیتی شیرین کەلامم
لەناکاو بەلادا هاتوون
چەند فاریزەو خاڵو کەوانەی ئازیزم
لەبارچوون !
بەتەنیا ئەو ئاگاداری
ئەو هەموو ترسو ئازارو گریانەی ڕێگام بوو
من لەعەشقیشدا هەمیشە
بوونەوەرێکی تاسەر ئێسک چەوساوە بووم
شیعر بۆ خۆی ئەم ڕاستییانە ئەزانێ
ئەگەر رۆژێ چاوپێکەوتنێ لەگەڵ شیعر خۆی
ئەنجامبدەن
هەموویتان بۆ باس ئەکاتو
پێتان ئەڵێ:
کە زوڵم لەچاوم ئەڕژێو
بۆنی خەم لەپرچم ئەتکێ
هەموو دنیا لەبەر دەرگای دوا ڕۆژمدا
ڕاوەستاوەو وەرزی بەختو بەختەوەریم
تێئەپەڕێت.
تاریک دادێو
کەس لەبەر دەرگامدا نییە
رەشەبا هەڵئەکات
بۆنی دەستی گوڵەکانی تۆم لێوە دێت
فرمێسکم بۆنی بارانو
زەردەخەنەم بۆنی مسوەدەو قەڵەمو
شیعر ئەگرێت
هەستئەکەم زۆرم خۆشئەوێیت
ئێوارەیەک بۆن لەدنیادا نامێنێ
لەدوورەوە تۆ ئەبینم
خۆتو بوتڵە شەرابەکەت
بەشاخێکدا هەڵئەگەڕێیت
هەستئەکەم بەهەڵەدا چووم و
تۆ بەتەنیا خەونێک بووی
کەچی بۆنی شەرابەکەت لە لێوم دێو
هەستئەکەم زۆرم خۆشئەوێیت !

## ژیان و مردن بریتین لەمانەو زیاتریش

لەچاوەکانی گەڵادا
ئەو هەموو شەونمە لەفرمێسک
لەدڵی بەردیشدا
ئەو هەموو گرژبوونە لەپەستیی
پاتکەیەک کارئەکات
ئارامیی کاغەزو چەرچەفەو
پەردەکان تێکدەدات
شەماڵێک لەپەنجەرەوە
قژی بێنازی منداڵیم دێنیّو دەبات.
بە کلکی شەوگەردیشەوە
ئەو هەموو خاڵو نیگارو
لەناکاو باریکبوونەوەیە.
چەند بێزارن لەخامۆشیی
چەند دەم بەهاوارو شێتن بۆقەکان.
عەوداڵن بەدوای ژیانداو بێزاریشن لەژیان
ئەو هەموو عاشقە،
ئەوەتانێ ملی خۆیان لەتیغی مەرگ ئەسوونو
دنیاشیان لەهەموو کەسێ بەلاوە جوانترە.
بەجەستەی بەردەوە
ئەو هەموو قەوزەیە.
بەدڵی خاکەوە
بێ سنووریی قووڵبوونەوە.
لە لووتی فیلدا درێژبوونەوەو
بەباڵی پەپوولەکانی شیعریشەوە سەمای فڕین
ژیان بریتییە لەهەموو ئەمانەو زیاتریش
کاتێ رەشەبا هەڵدەکاو
قژی بێنازی منداڵیم
هێندەی تر تێکدەدات
مردن بریتییە لەهەموو ئەمانەو زیاتریش
کاتێ بەچرپە لەدووریانێکدا
پێم ئەڵێیت خۆشم ئەوێیتو
ئەمکەیتەوە بەنازدارترین نازەنین.

## لەگەڵ گوڵدا

تەمەنێکە لەگەڵ گوڵدا
شیعریش ئەڕوێت
کەچی گوڵ هەر ئەمێنێتو
شیعر بەنیازە بمرێت
چ سامناکە جیهانێک کە
شاعیری تێدا نەبێت
هیچ باوەڕناکەم بتوانم
بەم رازانەوە لەدڵداو
بەو هەموو پرسیارانەشەوە لەچاودا
تێیدا بژیم
چەند تەنیاییە بێ شیعر
پیاسەکردن بەماڵی قەدەری کچ بووندا
دڵنیام کە بەمن ناکرێت
ئەوە دایکمە بەیانیان
لەبەردەم ئاوێکی رۆشتووی روونو ساردا
دائەنیشیّو خۆشیی ئەبینێ لەو تەلەی
مەنجەڵەکانی بۆ ئەکات لەمینای ئاوێنە،
نەک دڵەکان ...
ئەوە نەنکمە ئێواران
بەپەڕۆیەک لەئاوریشم
تۆزو خۆڵی رابردووی پڕ لەئازاری
ماڵەکەمان بۆ ڕامئەکات
وەکو وتم بە هەودا نەک بەوشە
تابەیانیش ئەو لەگەڵ مردووەکاندا
قسە ئەکات
بەبێ ئەوەی بیانهێنێتە سەر سنگی
بەفرینی لاپەڕە.
من زمانو ئەفسوونو قەناعەتەکانی
ژنانی ترم پێنییە
بێگومانیشم کەڕەگم
ناچێتەوە سەر ڕەگی هیچکام لەنەوەکان
ئەوەتانێ ... وەک کۆللارەیەکی سادە لەهەوادا
سەری داوەکەم بەدەستی

منداڵێکی چەتوونەوە سەما ئەکاو
بۆم هەیەو ئەشتوانم
بڵێم کۆتاییم بەگوڵەوە نووساوەو
بنەچەم مشتی بچکۆلەی پڕ نقوڵی منداڵێکە.
کە گوڵ‌و شیعر یەک پێکبن
بۆ مەستیی دڵەکان
لەگەڵ گوڵدایە ژیانم‌و
مردنیشم لەگەڵ مردنی گوڵدایە.

## ئەگەر

ئەگەر چاوی وانەبووایە
لەوانەبوو ئەم ئەوەندە بەربادانە
شەلاڵی شەونمی بەعیشوەباریووی
عەشقی نەبێت
ئەگەر لێوی وانەبووایە
کێ ئەڵێ ئەم نازو نووکی کچانەی لەیادئەکردو
کێ ناڵێ ئاقلانەتر
لەخەیاڵی ماچێکی حەرامی نێو خەونەکانیدا
بەخواستی خۆی تێر نەئەمرد!
ئەی کێ ئەڵێت‌و کێ ناڵێت
ئەگەر چاوی ، ئەگەر لێوی
شتێکی لەمانەی ئێستا جیابوونایە
لەوانەبوو ئێوارەیەک
لەناو دەرگای بەرینی سەرگەردانیدا
ئەم بەم هەموو گەرمییەوە لەدەنگداو
بەو فرمێسکە زۆرانەوە لەدڵدا
پێی بڵێت زۆرم خۆشئەوێیت
کوڕی خوا !
دەستی وەک دەستی کەس نییە
ئەگەر وانییە ئەی بۆچی
هێندەی جەهەننەمێ گڕی
لەقەڵەم‌و کاغەزە جل تەنکەکانی ئەم بەرداوە
یان باشە بۆ؟
لەڕەنگیدا جوانیی وا سوێی ئەبێتەوەو
لەدەنگیدا هەموو دنیا سەرسامانە ڕاوەستاوە!
ئەگەر ئەو بەو جۆرە نییە،کەهەیەو
ئەگەر، ئەگەر وانەبێت‌و وانەبووایە
ئیدی ئەم بۆ نەیئەتوانی
بەبێ هەناسەی بالاکەی هەڵبکات‌و
دوور لەتلیاکی ئەوینی، دوور لەبۆنی
لەپەراوێزی دنیادا
ژیانێکی بێباکانەو بەتەنیا بژیایە!

# هێشتا هەر غەریبیت ئەکەم

غەریبیت ئەکەم گوڵەباخ
کە ئەگەمە لۆفەکانی هەیبەت سوڵتان
دڵە کوتێم پێ ئەکەوێ
وائەزانم ئۆتۆمبێلەکە وەک جاران
تا بەردەرگای ماڵەکەی ئێمە لەئیسکان ڕاناوەستێ.
غەریبیی ژوورەکەم ئەکەم لەقاتی دوو
غەریبیی ئەو قەیرە کچەش
کەمن هەولێرم بەجێهێشت
هەموو دەستنووس و ئەرشیف و
سێبەرەکانی سووتاندم!
ئای، تۆ بڵێی
ئەو پەنجەرەیە هەر مابێ کەئەیڕوانی
بەسەر پێشمەرگەی دەنگخۆشی "کۆمیتە"دا!!
پەنجەرەیەک کەهەرگیز لەبەردەمیدا نەوەستام و
پەردەکانیم لانەدا!
ئایا ئێستاش
سەری بەفر لێباریوویی مامۆستا شێخانی
بەوێدا ڕەتئەبێ؟
ئەی تۆ بڵێی لەنێو منالە جوانەکانی گەڕەکدا
"حەموودی" هەر تاقانە بێ ؟!
بڵێی ئێستاش دایکی لەپەنجەرەکانەوە
بەچاوی دڵ بانگی بکاو
بەدەنگی ڕۆح ئاگای لێی بێ
باوەڕناکەم گەڕەکی "عارەبان"
ماڵە کۆنەکەی جارانمی لەیاد نەبێت
بێگومانم کە لەو کۆڵانە تەڕانە
جێگای پێکانم هەرماون
هەروەها توند بوونی هەناسەم
هەروەها هەلاوێکی تەنک
کە لەسەرمانا لەگەڵ وشەکانم دەرئەچوون
هەلاوێک کە وەکو دوکەڵی جگەرە
ئەڕۆشتم و ئەویش لەدوامەوە ئەکشا.
شەوانێ لەژێر باراندا
لەگەڵ کچە هاوسێکاندا
دەرئەچووین بۆ ئاوکێشان
لەدوورترین گەڕەکەوە
بەنەزمی قاقای پێکەنین
بەبسکی تەڕو بەجلی تەڕترەوە
وەک گوارە شۆڕ ئەبووینەوە.
دواتر لەژێر نزیکترین
جۆدەلی وشک و برینگدا
خۆمان کسکەڵە ئەکرد و لەعەشقا
دەستمان ئەکرد بەگریان
من لەو بڕوایەدام چایخانەکەی مەچکۆ
وەک ئەو ساڵە بەوەفاو میهرەبان نییە
کە لەگەڵ کچێکی دیکەی شاعیردا هاتین و
قافییەی مەجلیسی پیاوانمان
لەبەریەک هەڵوەشاند
پێم وایە ئەمێستا
قەلاّ قۆزنییە وەک جاران
دڵنیاشم خولانەوەی پاسی شەستی
ئێستا کەس نابات بۆ گەشتی
ئەستێرەی کاکێشان!
هێشتا هەر غەریبیت ئەکەم
ئەکەم غەریبیت هەر هێشتا
پەیڤەکانم لەناو ئەشکدا ئەخوسێنەوە و
هیچ نامەیەکم پێت ناگات
لەبەرتمرم گوڵەباخ
تۆ ئەڵێی چەند ئەخایەنێت
ئەم فیراقە ؟؟؟؟؟؟؟؟

## حیکمەتەکانی کچێکی تەنیا

*تاوانی لەناو بردنی پەپوولەیەک
لەتاوانی لەناوبردنی مرۆڤێ گەورەترە
لەبەرئەوەی
مرۆڤ لەتوانایدا هەیە فێڵ بکات
یان هێرش بەرێ
بەرگری لەڕۆحی بکات
یان ئاڵای سپی هەڵبرێت
کەچی پەپوولە هیچ ناکات
بەتەنیا خۆشەویستی نەبێت
ئەوەتانێ هەموو کەس ئەیکوژێ‌و
ئەو دەستی ناچێتە هیچ کەس
پەپوولە چەندە ئازایە
هاوماڵی مەرگەو کەچی هەر بەختەوەرە
پەپوولە چەند ترسنۆکە
بۆئەوەی هەمیشە بێگەردبێت
ستەم‌و ناهەقی قبووڵە.
*قەلاَی هەولێر
تۆ گارسیا مارکیزێکت پێویستە
بۆئەوەی لەشاکارێکدا
نەمریی‌و ئەفسوون‌و
ئەو هەموو جوانییەت بۆ بپارێزێ.
*تۆش بۆئەوەی نەبیتە کەسێکی ڕەشبین
هەرگیز هێندە گەشبین مەبە
گەشبینیی ئەوەیە لەناو مرۆڤدا
کەبەردەوام
ڕەشبینیی نوێ ئەکاتەوە.

## شەبەنگی هەشتی مارت

سەربازە ئیفلیجەکانی
سوپای بێ شووماری مێژوو
سەربازە خەواڵووەکانی بۆنەو یادو جەژنەکان
بەنێو کونی دەرزی ژەنگگرتووی ژیاندا
تێپەڕین ...
بەمارشی عەسکەریی
بەدەنگیێ، بەڕەنگیێ، بەبۆنیێ
دوور تەواو دوور لەخەسڵەتی ژنایەتی
نزیک نزیک لەماڵی جەنگ،
لەبەرهەیوانی جەهالەت
لەسەکۆ ڕووخاوەکانی بەر قاپی فەنابوون
سەربازی سووتاوی هەشتی مارت دەریایە
سەرئەکات بەسەحرای هاموونی گیانی
مریەمەکانیدا
ئەوانەی لەبری گوناهی عیساکانیش لەخاچ ئەدرێن
ئەوانەی هەموو تاوان‌و تەنیایی بوون
لەجیاتی مرۆڤ هەڵئەگرن
هەشتی مارت، دڵێکی ماندووە
هەشتی مارت، بارانی ڕەژووە
سەرکەوتنێکی زامدارەو
ژێرکەوتنێکی مردووە.
هەشتی مارت، خەونێکی خەوتووە!
سیمرخی ئاهم هات
جەردەکان بەسەریا تێپەڕین
بەڵا هات، بارۆفی دروشم‌و
سێڵاوی پۆستەرات

خیتابی توندو تیژ، وتاری ناتەبا
چەندەها ئاهەنگ‌و
چەندەها ڕێکخراوو
چەندەها جودایی‌و
هەشتی مارتی تاک‌و تەنیا

کارەساتە، کارەساتە، کارەسات !

دەی تێپەڕە ...

چونکە هیچ "رۆژێ " چرای ئەم ماڵە

ئەبەنووسییە خاڵییەی ڕۆحم نییە

تۆ نەبیت ... شەبەنگی هەشتی مارت

لەئەمسەری جیهانەوە تا ئەو سەری

ئاوەدانیی وێرانییە !

کوردستانیش هێندەی من ئازاری دیووەو

هێندەی من قووربانیی هەیە !

## دواین کەڤاڵی گۆڕەدێم*

چەند دۆستن، چەند برادەرن

کوردو مەرگ ..

لەچەخماخەی مێژووەوە

هاوسێو هاوماڵی یەکترن .

تەدارەکی زەماوەندی بەژواری*

زاوا نامورادەکانو چاوە هەڵوەریووەکانو

رۆحە بازرەبووەکانەو*

کەژاوەی نەمرەکان وانبەرێوە

تەدارەکیش گوڵو مۆمەو خۆڵو خەنە

بارانە فرمێسکی چاوی دایکانو خوشکانەو

جلی وەکو ئەبەنووسو قیرو شەوە

پیرە مەرگی کۆنە هاوسێی ئێمە فێرە

بەو گۆرانییە جەرگبڕانەی

لەمەناو مەینا ئەیچڕین.*

ئاشنایە بەحەیرانی زاوارۆیەو

بەستەو هۆرەی (ئەی وەی شێرە)*

کەژاوەی نەمرەکان ڕەتدەبن

نۆ کەژاوەی گوڵ گوڵین

نۆ تفەنگو نۆ چرای داگیرساو

نۆ شێرە پیاو.

لەو پەژستانە نەزۆکو پڕ تەمەدا

لەدوورەوە ( سیروان )یان تێدا ئەناسم

وەلێ ( سیروان ) هەموویانەو

هەموویان سیروانن.

ئەمجارەشیان هەر سەر تلۆڤکوسەر لقو

سەر گوڵی قافڵەیە

ئاخ ( سیروان ) ...

تەنیا بیستو پێنج ساڵ تەمەنو هیچی تر

بیستو پێنج ساڵ بۆ خاکو گوڵ

ئای خۆشەویستیی نیشتمان

چ ئاتەشگایەکی ساردو

چ گۆڕستانێکی چڕو

چ ئازارێکی گەورەیە

بیست‌و پێنج ساڵ له‌وڵاتی
ئێمه ئه‌بێته داستان‌و
به‌یت‌و ئه‌فسانه‌و موعجیزه.
که‌ژاوه‌ی نه‌مره‌کان به‌ڕێوه‌ن
له‌ڕێگا چیرۆکی ( قابیل‌و هابیل )
چیرۆکی ( یوسفی که‌نعان )
بۆ بنجه گیاو بژاڵ‌و به‌رد ئه‌گێڕنه‌وه
ئه‌ڵێن برا با له‌پشتی برا بێ‌و
له‌که‌له‌پۆی ساتۆکه دۆڕاوه‌کاندا ئاوائه‌بن
دۆغدۆڤه‌کان*
زۆر جه‌رگبڕانه ئه‌گرین
وه‌ک ئه‌وه‌ی بۆ زێمارخوڵقابن.
ئۆی خوایه گیان
ئه‌وه کورده له‌ته‌نیایی‌و بێکه‌سیدا
ته‌واو بۆڕی داویته‌وه
تۆ له‌وه زیاتر غه‌زه‌بی چی لێئه‌گریت؟
ئه‌دی خۆت نه‌تکردووه به‌کورد؟!
ئۆی شیعری من
پیشانگه‌ی حوزنی ئه‌به‌دیی
دوا که‌ڤاڵی شه‌هیدانی گۆڕه‌دێمیش
به حورمه‌ته‌وه هه‌ڵواسه.
ببینه چۆن
به‌ئاوریشمی خوێناویی مه‌یت
گشت سه‌ر زه‌مینمان داپۆشی‌و
هه‌موو گه‌ردوونمان خه‌نی کرد
به‌دووڕو مرواریی فرمێسک.
ئێمه‌ی بێناز‌و بێپێناس ببینه چۆن
ئه‌م جیهانه‌مان هێنایه سه‌مای بووله‌ره‌و
پڕمانکرد له‌ده‌نگ‌و باس
په‌نجه‌ره‌کانی چاوی من
به ته‌رزه‌ی ئه‌شک شکان‌و
دیواری قوڕیی جه‌سته‌شم له‌به‌ر شه‌سته‌و
تۆفی ده‌نگ‌و باسدا خووسا.
ساڵ به‌و عه‌یام
من له‌ماڵی پڕ له‌نسێی جه‌وردا هه‌ر ڕاهیبه‌بووم

له‌چاوه‌ڕوانیی هاتنه‌وه‌ی مه‌سیح‌و گۆدۆکانمدا
پرچی سپیم هۆنییه‌وه
ژیانم وه‌ک ته‌وقه‌ی قژو
جووته نه‌عل‌و
بۆنی گوڵاو
له‌پرسه ناکۆتاکاندا لێ به‌جێما
که‌ژاوه‌ی نه‌مره‌کان به‌ڕێوه‌ن
که‌ژاوه‌ی نۆ په‌ڵه خوێن‌و
نۆ گوڵ هه‌نار
ئۆی شیعری من
تۆ بان بارگه‌ی ئه‌و قافڵه‌یه‌ی*
که‌پیاوه‌کانی هه‌ر ئه‌ڵێی، بۆ ئه‌به‌د
له‌گه‌ڵ خاک دا نووستوون‌و
بوون به‌خاک.
برۆ ئه‌وه چاره نووسته
به‌زیندوێتی له‌قافڵه‌ی شه‌هیدانابیت
به‌دبه‌ختیی هه‌موو کوردێکه
نه‌ک هه‌ر هی تۆ !
ئێمه تا هاوسێی مه‌رگبین
بێشک خۆمان له‌یادئه‌چێ‌و
شه‌هیدانمان له‌یاد ناکه‌ین.

- کەڤاڵ: تابلۆ
- بەژوار: بەئازار
- بازرەبوو: ئاوارەبوو
- مەناومەین: دەشتی چۆڵ، بیابانی وشک
- ئەی وەی شێرە: لاوانەوەیەکی ژنانە لەناو پرسەدا ئەیڵێن.
- بژاڵ: گیای وشک
- کەلەپۆ: ئەو کەلەیە کەخۆری لێوە ئاوائەبێ
- بان بارگە: ئەو ژنەیە کەلەسەر کەل‌و پەلی قافڵەیەکەوە سوار ئەکرێت.
- دۆغدۆڤە: دایکی زەردەشت پێغەمبەر.
- زێمار: پرسە.
- بوولەرە: بوومەلەرزە.

## کورت

ئەم شەوی ژینەم لێناڕوات
هەموو شەتڵە ئەستێرەکانم ژمارد و
گەڵا پان‌و پۆڕەکانی باخچەکەیشم بەحەریر
سڕییەوە ...
بێتامە سەیرکردنی
سەمای سنووورداری ماسی‌و
بەڵغی تەڵخی حەوزی کاشی‌و حەوزی شووشە.
بێزار بووم وەک بێزار بوونی بووکە سوورەکان*
لەئاوو خورماو هێلکەی کولاوی
ناو قەفەزە بچووکە ڕەنگینەکان
سپێدە منیش هەر لەگەڵ
بولبولە شێتەکە وتم: نیشتمان !
من بێزار بووم لەهەڵفڕینی بێهودەی‌و
خوێندنی بێهودەو
جوانیی بێهودە.
کەئازادیم پێنابەخشیت
ئیدی ئەم ئەوک‌و دەنووک‌و
باڵە زێڕینانەم بۆچین ؟!
پێدەچێت هەرگیز ئەم شەوەم لێنەڕوات
پێدەچێت هەرگیز لێمنەڕوات
قەڕنی قڕتێکەوتن لەم وڵاتە قازە
وەرزی شاربەدەرکردنی
شارە مێروولەکانی ئەم وڵاتە قازە
تەواو نابێ‌و ڕانابووری
قەحگی بەجێنەهێشتنی
گیرفانی بیجامەی خاک
قەحطی ئەمەک
قەحطی هەموو شتێکی پاک.

*بووکە سوورە: باڵندەیەکی ڕەنگاو ڕەنگی دەنگخۆشە.

## بچووکێ حەیف گەورەبوو

جاران لەژێر گەڵایەکی
درەختی مەطاطا خۆم ئەشاردەوە
ئەوەندە بچووک بووم.
لەسەر دواین پلیکانەی
دوورو درێژی دوای دواوە
غەریبانە دائەنیشتم
بەدزییەوە
کتێب منی ئەخوێندەوەو
من کتێبم ئەخوێندەوە
ڕوومەتم سوور هەڵئەگەڕا
کەبەدەم تای شەرمێکی زۆر گەرمەوە
ئێواران شیعر ئەینووسیم !
ئێی ... گەورە بووم
داری مەطاط لەپاڵما خۆی حەشارئەدات
لەسەر یەکەم پلیکانەی سەرەوە
هەر غەریبانە وەستاومو
هەر کتێب ئەمخوێنێتەوەو
هەر کتێبیش ئەخوێنمەوە.
ئێستایش هەر شەرم دامئەگرێ
کەشیعر ئەمنووسێتەوەو
کەشیعر ئەنووسم
بەڵام ئەوەی هەرگیز نامگەڕێنێتەوە بۆ
ئەو بچووک بوونە جوانەی کەتێپەڕی
بەلایەکی موقەدەرە
پێی ئەڵێن گەورە بوون.
چاوەکەم ئەزانی ؟
وەرزی گریانی ئاسمان بەتەنیا زستانە
وەرزی گریانی گەڵاکان بەتەنیا پایزە
وەرزی گریانی جەستەکان بەتەنیا هاوینە
وەرزی گریانی عاشقیش بەتەنیا هەر بەهارانە
کەچی وەرزی
گریانی شیعرەکانی من
بەهارو هاوین‌و پایزو زستانە !
چاوەکەم ئەزانی ؟
جاران هیچ وەرزێکم نەبوو
لەپەراوێزی وەرزە کاڵەوە بووەکانا
لەسەر ئەژنۆ بەدوای بۆقی باخچەکانا
ئەرۆیشتم...
وامئەزانی
دنیا بریتییە لەدرک پێکردنی
نهێنیی ژیانی بۆقێک !
ئێستا هیچ کاتێکم نییە
بۆ رۆشتن بەدوای خەیاڵ
ئینجا باشە، کێ لەوکەسە نەزانترە
کە نوقمی جیهانگیرییەو
بوارنییە لەسەر ئەژنۆ
بەدوای نهێنی نێو ناخیدا ڕابکا !
خەونەکانی کانییەک چەندە ساکارن
کچێکی گۆزە بەشانی گوندنشین
لێیان تێئەگات
کەچی من ساڵی جارێکیش
خەونێکی سادە یان ئاڵۆز نابینم.
ئیرەیی بەکانی ئەبەم
هەروەها بەگۆزە
هەروەها بەکچی لادێ-یش
شار چ توونی بابایەکە !
لەگەڵ ئەو کوڕانە چاوشارکێمان ئەکرد
کەمناڵبووین ...
ئێستا هەندێکیان پاسەوانیان لەگەڵە
هەیانە رۆژانە لەژنەکەی ئەدات
تیاشیاندایە جەردەیە، پیاوکوژە

## لەنیشتمانی تیرۆرا

## "جادەم لە پیاو خۆشترئەوێ !" *

جادە پێم ناڵێ لەکوێوە بەرەو کوێ
کچی شێت
جادە زوڵمو زۆر ناکاتو
تیرۆریش نازانێ.
جادە هیچی لەپیاو ناچێو
هیچی پیاو لەجادە ناچێ
ئەو پێی وتم :
برۆ بەسەرما تێپەڕە
دەستت والاَبێ بەرامبەر گەورە بوون
چونکە عەشق
بچووکترین بار هەڵناگرێ.
هەڵوەرینی باڵەکانی فڕینی ژن ئەوکاتەیە
کەبەکۆلاَنی ئەوینی پیاوێکی تاریکی نەرجسیی
کوڕی جەهلدا ڕەتئەبێ
شکانی گۆزەی ژیانی
بێگومان بەدەست دڵیەتی !
جادەکە چەند میهرەبان بوو
خەیاڵی پیاسەیەکی
رۆژێ لەرۆژانی منی
بۆ ئەبەد لەدڵ دەرنەچوو
کەمردیشم ناوی منیان
بەو جادە غەمبارە بەخشی !
جادەکە هیچ داوایەکی لێم نەبوو
کەچی هەموو جوانییەکی پێشکەش کردم
ئەو دەستە درێژو زبرەکانی
بەخوێنی هیچ ژنێ سوور نەبوو
بۆیە کەئەگەمە ویستگەی ژنکوژان
واهەست ئەکەم
جادەم لەپیاو خۆشترئەوێ
خوا بمکوژێ
ئەگەر پەشێمان بوومەوە
خوا کوێرمکات

هەیانە شەهیدبوون
هەواڵی هەندێکیان نازانم
هەشیانە ناهێڵێ
مناڵەکانی لەکۆلاَن
وەکو خۆی چاوشارکێ بکەن !
ئەبینی ؟!
ئەبینی چاوەکەم
گەورە بوون چ بەلاَیەکە ؟!

خوا بمگریێ
ئەگەر جادەی ژنە خوانەناسەکانم
لەهەموو پیاوانی دنیا خۆشتر نەویێ.
لەو جادەیە ...
پەڕینەوە چەندە خۆشبوو لەگەڵ کەسیێ
قەدەر نەیهێشت یەکتریمان خۆشبوویێ
راکردن چەند دڵڕفێن بوو لەگەڵ کەسیێ
خۆی دوائەخست
بۆئەوەی پێشم نەکەویێ، بەڵکو من پێشیبکەوم
پیاسە چەند بێمانایە لەجیهانی کەسانێکدا
پاش بڕینەوەی درەختی
عومری ئەو هەموو ژنە تەنیایە
راستناکەن کەئەڵێن
موبتەلای شەرەفین !
بەتەنیا جادەیەک بەسە
بۆ تێپەڕینی کەژاوەی ئازادیی
جادەیەک منداڵەکانی پیادا بچن بۆ خوێندنگا
کوڕان بۆ سەیری کچان‌و
کچانیش بۆ پێکەنین.
جادەیەک کەناوی خۆمی هەڵگرتبیێو
پەیکەری هیچ گەورە پیاوێکی لەسەر ڕێ نەبیێ
بەرین بیێ ... بەرین بیێ ... بەرین
وەکو دڵم
چۆڵ‌و هۆڵ بیێ سپێدەو ئێواران
وەک بێدەنگیی ماڵی شیعرو
جمەی بێت کاتەکانی تر
وەکو ناخم، کەلێوان لێوە لەئینسان
من جادەیەکم پێویستە
خاڵیی بیێ لەپەڵەی خوێن
جادەیەک کەهەرگیز تیرۆری نەدیبیێ
نەیناسیبیێ
بێگەرد بیێ ... بێگەرد بیێ ... بێگەرد
وەک داوێنی ئەو کچانەی بەناهەق ئەکوژرێن
درێژ بیێ ... درێژ بیێ ... درێژ
وەکو ئاهو نزولەیان.

ڕاستت ئەویێ
لەسەرەتای ڕێگەکەدا
من مارکسێکم پێویست بوو
نەک قەمبوورەکەی نۆتردام*
لەکۆتایی گەشتەکەشدا
هەستئەکەم کەوا خوڵقاوم
بۆ یەکیێ لەشێوەو ناخی عومەر خەیام
لەو جادەیە ...
هەمووومان ڕێبوارین
بەڵام من هەر بەڕێبواریی ئەمێنمەوە
هیچ چوارینەیەکی خەڵکی نیشاپوریش
لەناکاودا، بە باوەڕ بەخۆبوونەوە
بەدمەستانەو بەعەشقەوە
قۆڵیێ ناکات بەقۆڵما
حەیف جادە تەواو ئەبیێ
چاوی هەموو ژنە خوانەناسەکانیش
ناموڕادانە جووت ئەبن
کەچی هێشتا
ئەوەتا من لەسەرەتای خەوندام‌و
چاوم تازە
فرمێسکی ئەوین‌و ئومێدی تێئەزیێ !

*لەچیرۆکێکی سەحەر ڕەسایی یەوە وەرگیراوە.

## باران

باران لەناو مندا
بچکۆلەیە هێندەی
کۆرپەیەک لەناو دایکیدا
من لەبارانەدا بەرینم
لەسەری دنیاوە ئەکشێم
تا ئەو سەری درێژبوونەوەی باڵی خوا
باران و من
گرینۆکین، گرینۆکین، گرینۆک
من و باران
پڕین لەنزای عاشق و
دڵی بەرینی هەزاران عەشقی سەنەم
پڕین لەچاو
پڕین لەدەم
پڕین لەئاه
هەردووکمان ئالوودەین

## وەکو بەرسیلە عاشقم

چەند عاشقم...
هەر ئەڵێی پرچی کچێکم
کە تەڕو بڕ، هەمیشە ئاوی لێ بتکێ و
هەرگیز وشک نەبێتەوە.
یان وەکو لێوی ئەستووری ئەفریقییەک
ئەو کاتەی ماچێ بەهەوا ئەبەخشێت.
چەند عاشقم...
عەیامێکە شەوان لەرزو تا ئەمگرێ و
ڕۆژانیش وڕێنەئەکەم
بەخوا کۆنە تەمەنی ئەوینم و
تازەیە دڵداریم
هەمیشە تازەیە
ئەوەتا من، بەهەزاران هەزار جار لەناو بینینتا
مردووم و
کەچی هەردەم وائەزانم یەکەمجارە ئەتبینم!
چەندە شەیدام...
هەر خۆم بووم ، بەتەنیا
کەسەرم کرد بەنێو ماڵی بێسەمەری
ئەم دنیا حول حولییەدا
بەڵام دەستەکانم پڕبوون لەقیژەو شیوەنێ
بۆ خۆمم ئەکردن.
هەر خۆشم بەتەنیام کە ئەڕۆم بۆ مردن
دەستم بەتاڵ
دڵم چۆڵ و
سەرم خاڵیی
لەهەموو شت عەشق نەبێت.
چەندە گومڕام ...
وائەزانم، ژیانم لەنێوان لێوی عەشقدا پیتێکە
مەحاڵە ناوترێت
ئەم دڵەم پڕیەتی لەتەرمی کەسانێ
بەهەڵە وامزانی مەعشوقن
کەچی ئێستاش پێم وانییە دەروونم تابووتە.

چەند عاشقم ...

بەوێنەی دەنووکی سووری باڵندەیەک

لەناو دەمی بێچووەکەیدا

بەچەشنی ئەو پەڕی تووڕەبوون

لەناو چاوی ڕەشی مندا

کەشێتانە غیرە ئەکەم

وەکو بەرسیلە عاشقم

کاتێ دەمت پڕئەکات لەئاوو

ئەشک بەبرژانگەکانتا هەڵئەخات.

عاشقم وەکو عەشق خۆی

کەئاگرێ لەناو رۆحدا ئەکاتەوەو

بەپوش‌و پەلاشی ئازار

بەردەوامیی پێئەدات.

عاشقم وەکو عاشق خۆی

شێت‌و وێت‌و سەرگەردان

چی لەوە جوانترە؟!

چی بێ لەتۆ شیرینترو

نازدارترو سەختتربێ

ئەی عەشق خۆشترین بەڵا

چەند عاشقم

چەندە گومڕام.

## ناوازەترین ئازار

**شیعری لیریک**

چاوم لەباران تەڕترە

دڵم ئەڵێ ئاخۆ کەی دێی

تاڵێ لەزوڵفم جیابۆوە

دڵنیام تۆیش بیرم ئەکەی.

ئەی ناوازەترین ئازار

دەبا خوای کچێ نەتگرێ

کەبسکی حوزنی جیهانەو

دڵی ئەوینی لێ ئەتکێ.

لەگەڵ تەنیایی دانیشتم

بۆئەوەی بەتەنیا نەبێ

بەشەقامەکانا رۆشتم

جێگا پێکانتم خۆشئەوێ.

چاوەڕێمکردی وەک دایکت

لەبەردەم پەنجەرەکانا

چاوەڕێتکردم وەک ئاشتیی

لەناو خەونی نیشتمانا.

بەجێئەمێنم ئێواران

هێندە ئاوڕئەدەمەوە

کەدەرکەوتی وا ئەگۆڕێم

خەریکە خۆم ناناسمەوە.

ڕاهاتووم لەچاوەڕوانیی

ئەزانم هەر دوایی پێدێت

بۆچی بینینت وا کورتە

دەست پێناکات کۆتایی دێت.

چاوم لەباران تەڕترە

دڵم ئەڵێ ئاخۆ کەی دێی

تاڵێ لەزوڵفم جیابۆوە

دڵنیام تۆیش بیرم ئەکەی.

# دەساڵ خۆشەویستیی

## *ساڵی یەکەم:-

ئەمە سەرەتایە هێشتا

نەک کۆتایی

ئێمەی هەرگیز

ڕووخساری بەختیاریی نەدیوو

فێرنەبووین چۆن

پێشوازیی لەخۆشیی بکەین

ئەمە خەونێکی دووربوو دوور

دووربوو وەک خۆر

بەڵام گەرمیی پێ ئەبەخشین.

نا ...ئارام نیم

چۆن ئارامبم؟

ئێستایش ستەم

هێندەی ماوەی نێوان خاکی ئازاد کراوو

بەغدای جەور تیا کڕکەوتوو

دوورە لێتانو دوورە لێم.

هەروا ئەزانم دوێنێیە

لەهەڵەبجە

لەناو دەستو قاچو سەری پێنج هەزارا

دوو دوو دەستو

دوو دوو قاچو

تاکە تاکە

سەرم ئەلکاند بەیەکەوە

کەکەسم نەناسییەوە

بۆ شێت نەبووم

من ئارام نیم

چۆن ئارامبم؟

دەرپێی ژنان ئێستایش لەئەمنە سوورەکە

بەعسییەکان ئێدانەئەکەن

دڵۆپ ... دڵۆپ

خوێنی پاش تەعزیبی کوڕو

خوێنی پاش تەعزیبی کچان

دێنە سەر ڕێم
تا بەعسییەک لەسەر پشتی خاک وەستابێ
ئارام نابم‌و ئارامنیم.

ئای سەربەستی‌و وڵاتەکەم
چەند بەگران گەشتن بەیەک
گوڵاودانی بیری نەوت‌و
جڵەوی ئەسپە شێی مێژوو
چەند بەگران کەوتنەوە دەست
چاوی پێشمەرگە ماچ ئەکەم
چاوی خەڵکی ڕاپەڕیوو
لەبەردەمی ئازادیدا
تاجی شیعر دائەنێم ئەنووشتێمەوە
ئەگەر ئەوان نەبوونایە
کوولەکەش ڕێگای نەئەداین
ئەم بانگە شیعرانە لەناو
کوولەکەی ڕۆحیدا هەڵدەین.

مانگی 3 ی1991

## *ساڵی دەیەم:-

دەساڵە دڵداری منیت
ئەشزانم کەدڵتداوە
بەهەرهەموو کچانی شار
ئازادیی ...،
لەژێر درەختی وەرزێکدا ناسیوومی
پێی ئەڵێن ڕاپەڕین
درەخت تا بێت باڵا ئەکاو
منیش زیاترم خۆش ئەوێت.
گوڵێکم بۆ بێنە بۆ قژم
لەپارکی ئازادیی
ئەچم بۆ زەماوەند
ئەچم بۆ هەڵپەڕکێ
یان ئێوارەیەکیان بمبە
بۆ پێشانگەی هاوڕێیەکی هونەرمەندم
لەناو ئەمنەسوورەکەدا
ئەوکاتەی ڕەنگ دیواری ئەشکەنجەدانمان
دائەپۆشێت.
دەساڵە خۆشم ئەوێیت‌و
بۆم نییە بچمەوە بۆلای
ساتەکانی لەدایکبوونم لەکەرکوک
بەپێی ئەوەی لەناسنامەکەم نووسراوە
لەپاش دەساڵ لەڕاپەڕین
ناتوانم ئەم کۆڕە بەرمەوە بۆ هەولێر
باشە ئاخر خۆشەویستی چۆن وائەبێت؟
گوڵێکم بۆ بێنە بۆ قژم
وەکو دڵی بابە گوڕگوڕ
لەعەشقا سوور بچێتەوە
یان گوڵێ لەباخی گڵکەند بخوازە بەڵام با
سپی بێت.
ئەمەوێت خۆم لەزەماوەند هەڵبکێشم
ببم بەسوڕێ هەڵپەڕکێ
دەساڵە دڵداری منیت
ئەشزانم کە دڵتداوە
بەهەر هەموو کچانی شار
ئازادیی...،
ساڵەکان ئەڕۆن‌و
من لەژێر هەمان درەختا ئەمێنمەوە
کە جانەوەرەکانی گیانی هاوارئەکەن
بۆ نارۆیت؟
وەرزەکان دێنەوەو
هەست ئەکەم زۆرترم خۆشئەوێیت
یاری من ... یاری من
یاری من ئازادیی.
مانگی 3 ی 2001

# قاوەیەك لەگەڵ( ئەو ) دا

پیاوێکە لەچاو
بەڵام حەیف
ئەو ئاتەشگایە نابینێ
کە لەبوونما دایخستووەو
هیچ ناڵێت!
کەسێکە لە روانین، بەڵام سەیرە
لەگەرمیی شەیدابوونمدا
هێشتا لەهۆشخۆ نەچووەو
ناناڵێت!
قاوە تاڵەکەک بەشەکری،
قسەکانیەوە خواردەوە
قاوە رەشەکەم بەرەنگی،
کاڵی چاوانییەوە هەڵدا
قاوە گەرمەکەم بەشنەی،
دوا خەندەیەوە تەواوکرد
من قاوەیەکم خواردەوە یان ژیانم
لەپایانەوە دووبارە دەستی پێکرد؟!

دەمێکە لەیادم چووە
دڵێک هەیە، لێرەوە لەلای چەپ
تای لێ دێت
کاتێک گڕەی عەشق ئەیبات
لەبیرم نەمابوو تەمەن
داوێکی باریکە بەکۆلارەیەکەوە
نازانین کەی، بۆ، لەکوێدا
ئەپچڕێت.
(ئەو) دووچاوە بەرینتر لەدنیا
پیاوێکە لەسەرنج لەسیحری نیگا
کتێبێکە لەئازاری واقیعەی کەربەلا
منیش دڵۆپێ فرمێسکم لەبێداریی‌و
سیمایەکم پێئەچێ بەدایکی بکات
پیاوێکە لەئاسن
کچێکم لەهەودا

ئەوەتانێ وەختە دوو باڵم لێ بڕوێ
وەختە بڕۆم‌و لەبەرخۆمەوە پێبکەنم
وەختە لەخۆشیاندا بمرم
لەبەرئەوەی ...
بەتەنیا هەر لەبەرئەوەی
قاوەیەکم خواردۆتەوە لەگەڵ (ئەو) دا.

# لەگەڵ "ئەو"دا
# قاوەیەکی تر

پێویستم بەقاوە نییە بۆ بێداربوون
عاشق خەو لەخەوتن ئەخات
خۆی ناخەوێت.
بەبێ ئەویش
بیرکردنەوە لەگەردوونی بەرینی چاوەکانی "ئەو"
سەراپای تەمەنمی ئەوێ
بیست‌و چوار سەعات چەندکەمە
بۆ خۆشویستن؟!
بۆ بیرکردنەوە لەکەسێ
کەلەسەدەیەکدا یەکجار
چاوی لەچاوێک گیرئەبێ؟!
من نازانم
قاوە چۆن ئەگیرێتەوە
تانەمدیبوو نەمئەزانی
قاوە چۆن بەو هەموو شەکری
نازداریی‌و میهرەبانییەوە ئەخورێتەوە
هەروەها نەشمزانیبوو
لەفنجانێکی بچکۆلەی گوڵ گوڵین‌و
لەژێر فنجانێکی هێندە سادەدا
پێئەچێ چ حیکایەتێ لەناکاو بتەقێتەوەو
دڵم دەست بکات بەگریان
لەوانەشە مانگی چواردەی
چ ئەوینێکی شێتانە لەپڕ هەڵبێ‌و
ئاسمانی قەدەرم بکات بەچرا خان.
لەسەرەتای چاوەڕوانیی دوورو درێژمدا بۆ "ئەو"
من کراسێ لەبەرئەکەم
لەو ڕەنگە شەرمنەی ڕەنگە
چاوەکانی دایهێنابێ
بۆنێکیش لەقژم ئەدەم لەقاوە دروستکرابێ
لەکۆتایی دیدارە زۆر کورتەکانمدا بۆلای "ئەو"
جزویەکی لێوان لێوم لەپرسیار
فنجانێکم پڕلە عەشق‌و
قاوەیەکم لە بەهار.

# نەهاتوویەك

کە "پیرەمێرد"
لەشەقامی مەعریفەی کوردیدا
تەنیا خۆی کوڕێنیی ئەکرد
ڕووخسەتم لێخواستو لێم پرسیی:
ئەرێ نەتدیووە، ئایا لێرەوە
عەزیزی ئەم دڵە تێنەپەڕیووە؟

هەموو سەردەمەکان گەڕام سەرلەبەری
نەبوو، نەهات، دیار نییە
بەڵام من هەر ئومێدێکم بەتۆیە
کە بمداتە بەر پڕیشکی
بەختیاری شەڕە ئاو
هەروەها فیردەوسی ونی
ئەم ژیانەم نیشانبدات.
بەڕاست نەتدیووە، ئەدی تەمەنت
بە زریانی چاوەڕوانیی نەهاتوویەک
نەوەریووە؟
بڵێ لێرەوە ڕۆشتووە
بالآیەک بەرزتر لەبالآی هەموومان
دوو چاوی تیژتر لەچاوی
مەعشەری شاعیران
بەڵام ئەو هەر
گەلێ نازدارترە لەوەی کەتێپەڕێ،
یاری جوڕناڵو پەیڤی گوڵ
گەنجترین "پیرە کورد" ی ناو کتێبەکان
گەرمترین نیگای پەندو
بزێوترین دەستی شیعر
نەیبینێت!
ئەوەی ئەخوازم دووچاوی ئەم ڕێگایە
بەڕەنگی ڕۆشنی ڕشتبێت
نا لەشەریف پاشا ناچێو
ئەمیرێکی ئەمارەتی بابان نییە
نە بابەکەو نەشەرەفخان
ئەو شتێ عاشقتریشە لەفەرهادو
هەندێکیش خۆشەویسترە لە نیشتمان.
ئەو کەمێ بۆنخۆشتریشە
لەپەنا گوێی گەڵەباخو
ئەوینیشی بڕێک مەترسیدارترە لەبەرمۆدا.
من ناو ماڵی
رابردووی دوورو نزیکو
سەربانە بڵندەکانی رانەبردووی
ئێستاو ئایندەی بۆ گەڕام
عەزیزی دڵەکەم دیار نییە
دێمو ئەچم ئاوسم بەنیگەرانییو
شیعرم تەنیاترە لە خوا
ئاخر چۆن ئەبێ نەتدیبێ؟
لێرەوە تێنەپەڕیبێ؟
بڵێ لێرەوە رۆشتووە
خۆشە دڵ ئومێدی هەبێت
مەڵێ لێرەوە رۆشتووە
چونکە ئەزانم کۆتایم
لەسەر دەستی ئەو ئەبێت.
تۆ کەپیاوێکی لەمەکینەی ئازارو چاپخانە
کە بەشێکیت لەمێژووی "قەلەندەر خانە"
لەژین
ژیان
ژیانەوە
بۆنێکیت لەگوڵزار
پەڕەی گوڵێکیشیت تەنکتر لەخەیاڵ
تۆ کەجەهەنەمێ گڕی
ئارەزووت لەگیانی جیهان بەرداوە
چۆن پێتکرا
بەهەشتێکی بەرینیش بیت
لەڕووباری فەلسەفەی عەقڵێکی هێمن
یان هەڵچوو
ئەی چۆن توانیت تێکەڵێک بیت
لەچای پەندی پڕ حیکمەتو
شیری جوانترین رۆژنامە؟

مەڵێ لێرەوە ڕۆشتووە
بەر لەهاتنی با بمرم
بڵێ لێرەوە ڕۆشتووە
تا بۆ رۆشتن بەدوای سێبەری باڵایدا
دوورو درێژترین تەمەن بخوازم
حەزئەکەم بێت
بۆئەوەی ئەو شیعرە نوێیەمی بدەمێ
کە ئەڵێت:
پێویست ناکات
ئەو هەموو هەنجەتە بێنمەوە
ئەزانیت بۆ هاتنەکانم
بەزۆر مانا ئەدۆزمەوەو
ئەمەوێت باوەڕپهێنیت
بەوەی دیارە کارێکی گرنگم هەیە
بۆیە بەبەر تیری چاوو
تیری زارو
تیری گوماندا بەوێنەی دڵی باڵدار
تێپەڕبووم
پێویست ناکات
تۆیش وابکەیت.
باشە بۆچی پێت ئەڵێم نەخەوتووم؟
پێم ئەڵێی ڕقم لەخەوە؟
هەر هێندە ئەزانم دڵم
پێویستی بەبینینت بوو بۆیە هاتم
کە هاتیشیت دڵو چاوت بۆ منە
دەمێکی دیش سەیرم بکە
بۆئەوە نا
وەکو حەوشەی شەوانی ماڵی باپیرم
پڕم بکەیت لەخامۆشییو
خەوی قووڵ
بەڵکو بەئومێدی ئەوەی
بێدەنگییەکم تیا بکوژی
بەهیچ شتێ نەئەڕۆیشت
خەونم بینیووە ئەم دڵەی
لەسەرەتاوە تا ئێستا
سەمای کلاسیکی ئەکات
لەسەر خێراترین ڕیتم
بۆ سەرگەرمترین سەما
دەستی ئەگرێت.
نیگایەکت، تەنکتر لەباڵی پەپوولەی نامورادیی
خەندەیەکت، ئاڵۆزتر لەمانای جریوەی تەنیایی
ئاورێکت، زۆر غەدارتر لەداوی بەغدادو تاران و
ئەنقەرە
پێیان وتووم:
خۆشم ئەوێیت!
کە پیرەمێرد وەکو بنێشت
خەیاڵی نووسابوو بەڕووی ژیانمەوەو
پەڕەی شیعرە گریاوەکانم شنەی با ئەیبردن
لەبەرخۆمەوە ئەمپرسیی:
بەبێ گاڵتەو گەپەکانت، ئاوی شیرین
ئەرێ نەتدیووە، دواین بیانووم بۆ ژیان؟
بەسەر زەویی ڕوانینتدا نەباریووە؟
بەڕاست، بەڕاست لێرەوە تێنەپەڕیووە؟؟
*****************
کچێکم لەواتە وات
قەدەرمە بڕۆم و
بوختان لەدوامەوە ڕێچکە ببەستێ
بوونەوەرێکم لەشیعر
ئەترسم بمرم و
سەرچاوەی ئیلهامی قسەو باس وشک بکات و
دڵی دۆستە-دوژمنەکانم بتەقێ
یاخوا نەیبینن، ناخۆشە دڵشکان
بیرم نایەت بۆ کەسم خواستبێت
چاوەڕوانیی من بۆ نەهاتوویەک
چاوەڕوانییەکە تەواو هەڵەبجەیی
چاوەڕوانییەکە تەواو ئەنفالیی
چاوەڕوانییەکە تەواو کۆڕەویی
چاوەڕوانییەکە تەواو زیندانیی
چاوەڕوانییەکە تەواو بێوەژنیی
چاوەڕوانییەکە تەواو شەهیدیی

دووباره ئەبنەوە شتەکان
لەسەرەتای مێژووەوە تا ئەمڕۆ
براکوژیی ناگۆڕێ بەخوشک کوژیی
مێردە خیانەتکارەکان ئەمێننەوەو
ژنەکان ئەکوژرێن
"نالی" لە پەرستگای شیعرا
"مەستوورە" ڕووت ئەکاتەوەو
مانای قووڵی ناوەکەی تێکئەدات
پێچەوانەی ئەمە ئێستایش روونادات
چەند بارە ئەبنەوە شتەکان
بەڵام بەمۆدێل‌و باوی نوێترەوە
بەماکیاژی زەقترەوەو
بەدڵێکی رەقترەوە
کە "پیرەمێرد"
بەخەمەوە سەری خۆی بائەدا
وەک بادەیەک، لەچاوی زۆر گریاوی من
لەعەشقی نەهاتوویەکدا
ئەتووت بەسەر ئاگرەوەم
یان دڵم تلە بەردێکی وەک ئەوەی سیزیفی لەسەرە
لەنەهاتنی نەهاتوویەکدا مێژووم بوومەلەرزەی گۆڕان
بەخۆیەوە نابینێ‌و
جوگرافیام وەکو بنی پێی کچانی گوند
قڵیشەکانی بەردەوام زۆرئەبن
لەهاتنی نەهاتوویەکدا "پیرەمێرد"
پێم ئەڵێت چاوت ڕوون
تاملێدێت‌و باوەڕناکەم خەونێ نەبێت لەدڵمدا
بەڵام ئەو هەر دێت‌و ئەبینێت کەهەردوو دەستی خۆم
لەسەر دەمم داناوە تا هاوانەکەم: خۆیەتی !
لێرەدا ئیدی "پیرەمێرد" ملی شکاوی شەقامەکەی
هێنایەوەو
پێی وتم ئومێدت هەبێت
"ماڵئاوا" !.

## نیشتمان تەنیا فنجانێك قاوەیە

نیشتمان فنجانێک قاوەی خەمرەوێن بوو
لەبەردەم رەشەبای جەورا
ساردبۆوەو کەس نەیخواردەوە.
نیشتمان شۆڕە لاوێکی عاشق بوو
سپێدەیەک لەڕێی هەندەران خلیسکاو
کەوتە ناو دەریای ئیجەوە
مەعشوقەکەی هەتا ئێستایش چاوەڕوانە
بەهەشتێکی هەڵواسراوی وەک ئەوەی بابل
یان کۆشکێکی بەچەشنی تاج محەل
یان چیایەکی بەوێنەی بێستوونی بۆ کون بکات.
ئەم نیشتمانە لەهیچکام
لەنیشتمانەکان ناکات
سیمایەکە لەگریان‌و پێکەنین
لەتیاچوون‌و نەبەزین
لەدڕندەیی‌و ناسکیی
ئەوپەڕی تاڵی‌و ئەمپەڕی شیرینیی
تا ئەوسەری بەدبەختی یان
تا ئەمسەری بەختەوەریی.
لەیەکتر جیا ناکرێنەوە ...
خەسڵەتە تێکەڵەکانی پێکهاتەی نیشتمان
بەیەکەوە نالکێنەوە پارچەکانی
جەستەی شکاوی کوردستان
ئێوارەیەک کتێبەکەی شەرەفخان ئەهێنم
چەند جارێ ماچی ئەکەم‌و
ئەینووسێنم بەتەوێڵی تا لێهاتووی خۆمەوە.
واهەستئەکەم
زێدی من ئەمەیە کەوا
لەم لاپەرە دڕاوانەدا خەوتووە
واهەستناکەم
زەوییەکە بەعیشووە پێیدا ئەڕۆم‌و
کانییەکە دەم‌و چاوی خۆڵاویمی لێ ئەشۆم.
زۆرباش ئەزانم شتێکە
وەک بووک‌و مووروو هەڵماقۆی منداڵیی

کەچی نازانم منداڵیی ئەو لەکۆڵانی مێژوودا
چۆن بووە !
ئاخ نیشتمان ...
چ قوورێکی بەتەپڵی سەرو بنی پێیەکانمەوە
چ قیرێکی بەهەموو ئەو جلە جوانانەوەی ئەمرۆ
ئەمەوێت لەبەریانبکەم
چ بۆنێکی خۆشیت بەفرمێسکی چاوو
ئارەقی بن باڵە بەستراوەکانمەوە
تۆ بنێشتیت لەناو دەمی
ئەو منداڵ‌و توالآنەدا
کە گلۆپێت پێئەکەن‌و درێژت ئەکەنەوە
بۆیە هێندە بەئاسانیی
ئەنووسێیت بەترپەی دڵ‌و
زوڵفی خەون‌و
لێوەکانی شیعرەوە.
بڵێ چیت کە بێ تۆ ژیان مومکین نییەو
بەتۆیشەوە ئەوەندە مەحاڵە ؟
قسەیەکبکە ئەی خراپێک کە عومرت
هەموو عومرت نۆقڵێتی بێدەنگییە.
هەندێجار چەندە غەدارو
بێ پەروا خیبانەتکاری
ئەو کاتانەی ریشت لەبەری پێت ئەخشێ‌و
کێچ‌و ئەسپێی دڕندەیی تێتئەدات
ئەو جارانەیش چەند مەزڵوم‌و لێدراویت
کە وشکبوونی دەریاکان
بەخوێنت تێر ئاو ئەکەن‌و
هەموو جۆرە چەکەکانیش بەتۆ تاقیئەکەنەوە.
نیشتمان وتی گلەیم لێ ئەڕژێ
لە "نالی"م رانەئەبینی وەک "مەولانا"و
لە"مەولانا"یشم رانەئەبینی هەروەکو "نالی"
بەئاگری شەوی هیجران داخمبکەن
سەدەیەک بۆ کۆچیان بگریم.
لە کوردم رانەئەبینی وەک بێگانە
شووشە عەتری دڵی "شەریف پاشای خەندان"
بشکێنن
لە"شەریف پاشا"یشم هەرگیز رانەئەدی
بەمردنی جوانترین شاسواری خەونم زەوتبکاو
نەیەتەوە.
عومەری خاوەر وتی گلەیم لێ ئەڕژێ
نیشتمانم هەڵەبجەیەک بوو زۆر جودا
چونکە هێشتا بۆنی عەتری باخی میرو
قریوەی سەیرانەکانی دەشت‌و دەری لێئەهات
دەم‌و چاوی نەشێوابوو بەماڵەی کیمیابارانێ
کۆرپەی جوانی ڕاپەڕینی خستەوە
چاوەکانی نەگریابوون
بەدەست ئازاری نێزەکانی ڕیشەوە
منداڵەکانی لە خەودا
ترس ڕاینەچڵەکاندبوون
خاکێک بوو نیشتمان، هێشتا مین‌و قینەکانی نەناسیبوو
مێژوویەک بوو، سەربڕینی دیلەکانی نەبینیبوو.
دامێنی کراسە دوورو درێژەکانی نیشتمانیش بەخوێنی
شەهیدانی ڕووبەخەندە سوور نەبوو بوون
قافڵەکانی لەناخدا خەڵووز بارکردوویش تا ئەو کاتە
ڕێیان نەکەوتبووە سەر ڕێی ئاواییەکەی خێڵی حەمە
نزاکانی پورە لیمۆیش لەبەردەمی نەوەکانی هۆلاکۆدا
جاری‌و هێشتا
وەڵامی هاوارەکان‌و لاپەڕەی قورئانی دەستی ئەم وڵاتە
"وخر" نەبوو*
هیچ مەردومێ لەم زەمینە خوداییە بەرینەماندا خاوەنی
پێکەنینی وا دزێوو
مۆڕبوونەوەی هێندە پێکەنینهێن نەبوو
هێشتا دڕکەزیی تیرۆرو تیرۆریزم
نەچوو بوونە نێو هەناوی
باخچەی دێڕە بسک تەڕو
مەزرای وشەکانمانەوە.
فەتوای کوشتنمان نەدرابوو
بەهەنجەتی نا هەنجەتی ئیمانەوە.
ئەم نیشتمانە لەهیچکام لەنیشتمانەکان ناکات
دایکێکە خۆنەویست،
باوکێکە میهرەبان

خوشکێکە ئومێدەوارو
برایەکە خەیاڵ پلاو
نەنکێکە لەسەر گوزشتە
باپیرەیەکە لەسەرروەریی نەنووسراو
ئەمڕۆ ئەمەوێت نیشتمان
بکەم بەڕەنگی کچانی هەڵەبجەیی‌و
گەرمیی لێویشم بەماڵ‌و
کۆڵان‌و شەقامەکانی ببەخشم.
شەو درەنگان
لەگەڵ سیرواندا قەتارەی ئەشکم ڕۆشت‌و
بەگران گەیشتم بەوەی
نیشتمان تەنیا فنجانێک قاوەیە
شارەزایان سازیئەدەن‌و بێباکان ئەیخۆنەوە
شۆڕشگێڕان تام‌و بۆنی پێ ئەبەخشن‌و
فاڵچییەکان ئەیخوێننەوە
خاوەنە ڕەسەنەکانی
لەسەر سینییەک لەشادیی ئەیگێڕن‌و
هەلپەرستان قاچئەدەنە بەر قاچی قاوەگێڕان‌و
دوژمنانیش لەپڕ قلّپی ئەکەنەوە.
بانگی شێوان ...
لەگەڵ عومەری خاوەردا
هەناسەی ساردم کۆڵانە‌و کۆڵان ڕۆشت‌و
بەئاسانیی گەشتم بەوەی
نیشتمان بەرلەهاتنی کۆلێرای کیمیاباران
بەر لەشێرپەنجەی ئەنفال‌و
دەردی فس فس پاڵەوانانی جادەی پان
گەنجترو جوانتربوو
بەلأم بە بەرگی ڕەنگینی نەبەزین‌و
کفنی گوڵرنگی شەهید بوونەوە
بێگومانبن جوانترینە.

*وشەیەکی عەرەبییە بەواتای برۆ بەولاوە،
دووركەوەرەوە

## دوایەمین ئەوینی مومکین

ئیدی ژیان
تەنیا قومێکە لەبادەی
دەستەکانی دوایەمین سات.
دڵی من ...
لەو قومە بچکۆلەیەدا
بوونت هەیەو نەبوونیش
شکۆفەت هەیەو وەرینیش
نیشتنەوەت هەیەو فڕینیش.
تۆ چۆن هۆگری ئەوینی
دوانیشتمانی مێژوو بوویت ؟
نازانیت، نازانیت، نازانیت
ئایا ئەتتوانیی خۆت لادەیت
لەو بۆن‌و جوانییانەی کە
جیهانیان حەیرانکردووە ؟
لەو ڕەنگانەی کە ئەو هەموو
عاشق‌و مەعشوقەی خەیاڵیان کوشتووە
لەقەدەرێ کە هەر ئەبووایە شتێک بێت
بەنیگایەکی وا دڵگیر بیگۆڕێت
لە ڕووانینێک کە مەحاڵبوو بتوانی حەزنەکەیت
داهاتووت بخوێنێتەوەو ڕابردووت نەهێڵێت.
ئەی نەئەکرا ؟
خۆت کەناربدەیت لەنووکی خەنجەرێ
سەراپای وەرزەکان، ساڵەکان، ڕۆژەکان
بەگومان، بەپرسیار، بەباوەڕنەبوون
بەقووڵیی زامدارت ئەکات
ڕووکەشت لێکئەداتەوەو
ناوەوەت تێکئەدات.
ئەی دڵ تۆ وەکو زەمبیلەی دەسک پچڕاو
لە سەردابی مەراقدا کەوتبووی
خۆم فڕێمدابووی
فڕێمدابووی دڵی خۆم
بەمیوە بۆنخۆشەکانی هەستیشەوە
کە لەبازاڕی عومردا

بەخوێنی خۆم کرێبوومن
چەند پاکیزانە کەوتبوو
بەقووڵیی خەوتبوو
زەمبیلەی کون کونی دڵم.
کێ بەئاگای هێنایەوە
یاخوا وەک ئەو نائارامو ڕەمیدە بێت
چاوی لەبێداریدا سوور بچێتەوەو
برژانگی بەردەوام تەڕو
دەستەکانی وەک دەستی من
بەردەوام بلەرزن.
لێرەبە دڵی من
ڕۆژێکی تریش لێرەبە
لەوانەیە باڵندەی ڕێکەوتێکی جوان
تێپەڕبێو
بەبێ مەبەست هێلکەی بەختت
لەم هێلانە وێرانەیەدا بۆ بکات
خۆ ئەشێ ئیدی پەنجەرەی خەونەکانت
بەسەر کەلاوەی ئازاردا نەڕوانن
لەوانەیە کۆتایت هیچ
بەچەشنی سەرەتات نەبێو
پێئەچێ ئەوانەی لەڕێنو نەهاتوون، جیاوازتربن
چەند سەیرە، من لەم ئەگەرانە زیاتر
یەقینێکم لەلا نییە شایستەی وتن بێت.
کەچی پرسیاری مانەوەت لەناو ژیاندا لێدەکەم
دڵی من ...
باوەڕم پێبکە
تۆ دڵێکیت لەعەشقو دایکایەتی
لە وەهمو ساویلکەیی
چونکە وائەزانیت کچو کوڕەکانی
ئەو هەموو شیعرانەت
بەسەر فەرشی سووری گوڵەباخدا ئەتبەن
بۆ ناو کۆشکی پەرجووی مێژوو
چونکە لەخەیاڵی پووچی ئەوەدایت
ئەم دنیایە لێوان بکەیت
لەبەرامەی خۆشەویستییو
لەبە ئینسان بوونی ئینسان.
چونکە تۆ چاوت لەسەریەک جووتکردووەو
ئەو بەردی ڕەجمانە ،
ئەو درۆو کینەو بوختانە بکوژانە نابینیت
کە بەملاو ئەولای باڵاتدا ئەکەون !
پێم سەیرە دڵی من
تۆ چۆن ئەتوانی خەمساردو
بێباکانە دابنیشیت
کە هەر ڕۆژەی بەردێک دێتو
پەنجەرەیەکی ئومێدت هاڕەئەکات
وانیگەرانو پەژمووردە بگوزەرێیت.
کە هەر شەوەی مەرگێک دێتو
جلی سپی مانگی شیعرێکت ڕەشئەکات
کە تۆ دڵێکیت لەوەفا
لەناو ئەو هەموو شمشێرە هەڵکێشراوو
ئەتۆمە ئامادانەدا
مەگەر هەر وەکو زەمبیلەی دەسک پچڕاو
ئەمجارەشیان فڕێتبدەمە سەردابی مەراقەوە
بەمیوە بۆنخۆشەکانی عەشقیشەوە
فڕێتبدەم
کە لەدڵی دواین ساتو
لەچاوەکانی دوایەمین
ئەوینی مومکینو سەمیمیم کرێبوون
ئێستا ئەتوانم پێت بڵێم
بەخێرچی دڵی من
بۆ ئەبەد...
کە سەدان دڵ
لەنیشتمانی بەرینی دڵاندا
نەیانتوانیوە وەک تۆبن.

بەخێر چیت بۆ ئەبەد
شکاوترین دڵی دنیا
دڵی من
کە من گیرۆدەی دەستی تۆو
تۆیش گیرۆدەی دەستی منیت.

# جودا

کەخوێن لەبرینم ئەڕژێ‌و
شەقامەکان
لەرەنگ‌و ڕووی تیرۆرکراوم ئەترسن
نیگایەکی ژێر عەینەکە زەرەبینەکەی چاوی تۆ
ژیانم پێئەداتەوە
کە ڕۆحم بەوێنەی پرچم ئەسووتێت‌و
دەستبەرداری دنیائەبم
وشەیەکت ڕەش هەڵگەڕانی ڕوومەتم سوور ئەکات‌و
دووبارە ئومێدەوارو عاشق ئەبم
چەندە جوانیت
کەتاوانی هاوڕەگەزە تووڕەکانت
بەلاسیکی حیکمەتێکی جوامێرانە ئەسڕیتەوەو
وەک خۆرەتاو
سەر بەماڵی ئازارەکانمانا ئەکەیت
بۆچی هێندە بەدڵەوە نووساویت؟
نەقەسیدەیەکت پێیە وەکو گوڵدان
لەسەر مێزی نووسینەوەی چۆنیەتی کوشتنمان داینێیت
نەگۆچانێکی ئەفسووناویش شک ئەبەیت
کەسەراپای سەدەکانی بەکوڵ گریانمان بگۆڕێت
بەپێکەنین
هەر ئەبێت من بیڵێم
کە تۆ کەسێکی زۆر جودای
دڵی کچ‌و
چاوی ژنانی کوردستان خۆشیان ئەوێیت.
چەند لەخەونەوە نزیکی
کە لەناو دۆزەخی نابەرابەریدا
وەکو شەماڵ هەڵئەکەیت‌و
کەللە ڕەقیم بەپەیڤێکت نەرم ئەبێت
ئەوەتانێ وەختە لەئاهو نزولەی
دەستە خوشکە شەهیدەکانم نەترسم
وەختە بڵێم لەسەر دەستت
بووم بەپارچەیەک لەهەوداو لێبووردن

بڕیاریشه لەئەمڕۆوە
لاپەڕیەکی سپیو نویٚ
لەدەفتەری پیٚکەوە بوون هەڵدەمەوەو
پیاوە هەڵەو هەرزەکانی
میٚژوویشمان ببەخشم.

# شەهیدبوون

گوڵم ناویٚت
نەعەسری بەیەکگەشتنو
نەسپیٚدەی جیابوونەوە
گوڵم ناویٚت
بۆخۆم جوانترین گوڵئەگرم
ماچم ناویٚت
ئەگەر بەڕاستی مەچەکی
شۆڕە سواری جیهان بگرم
نە بەعەسری شوکردنو
نە بەسپیٚدەیەکی زووی
هەڕەتی بیٚوەژن کەوتن
ماچم ناویٚت
ئەگەر بەعەشق شەهیدبم
ئەشکم ناویٚت
بۆ سەرتاپای دارەمەیتو منی تەرم
ئەرخەوانی حوزنم ناویٚت
خاوکیٚشیکەن بۆ پاڵ حەساری گۆڕەکەم
نەگوڵ، نەماچ
نەئەشکو خەم
هیچ مەهیٚنن
هیچ ڕامەگرن
ئەوکاتەی وەک
نیشتمانیٚکی بیٚ ئالاٚ بیٚدەنگ ئەمرم
خاترجەمبن
هیچم ناویٚو
هیچ وەرناگرم.